# گرنگی پێگەی هەرێمی کوردستان لەسیاسەتی دەرەوەی ڕووسیادا(1991-2017)

**کارزان عمر علی**

قسم السياسة و العلاقات الدولية، كلية العلوم السياسية، جامعة السليمانية، كردستان، العراق

**پووختە**

لەگەڵ ئەوەی کوردستانی عێراق لە دوای ڕاپەڕینەکەی بەهاری ساڵی 1991 بەشێوەی دیفاکتۆ سەریهەڵدا، بەڵام پاش ڕووخاندنی ڕژێمی عێراق لە ساڵی 2003 دەبێتە ڕاستیەکی یاسایی و دەستووری. لەم بەرورارە بەدواوە، لەڕووی بارودۆخی ئاسایشەوە، سەرەڕای کێشە ناوخۆییەکانی، بەڵام ئارامترین شوێنی عێراق بووە بۆ ژیان جگەلەوەی ئەم هەرێمە بەڕووی جیهانی دەرەوەدا کرایەوە و لەچوارچێوەی عێراقی فیدراڵدا پەیوەندیە دەرەکیەکانی فراوان بوو. فاکتەری ئابووری و ئاسایش و دۆسیەی فرۆشتنی نەوت بەسەربەخۆیی و دوور لە دەستی بەغداد، پەیوەندیەکانی هەرێم و زۆر دەوڵەتی بیانی دروست کرد. ئەمڕۆ، یەکێك لەو وڵاتانەی ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لەمەیدانی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، ڕووسیای فیدراڵە. توێژەر ئەوەی بەدی کردوە کە لەسەر ئاستی ئەکادیمی بۆشاییەکی گەورە هەیە لە لێکۆڵینەوەی پەیوەندیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ڕووسیای فیدراڵ. ئەم توێژینەوەیە بەلایەوە گرنگە بەدواداچوون بۆ ئاستی پەیوەندیەکانی نێوان وولاتی ڕووسیا و هەرێمی کوردستان بکات. هەڵسەنگاندن بکات بۆ گرنگی پێگەی هەرێمی کوردستان لە سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیای فیدراڵدا. توێژەر بەو دەرئەنجامە گەیشتووە کەوا فاکتەری ئابووری و سیاسی ڕۆڵی بنچینەیی هەیە لە گەشەسەندنی گرنگی پێگەی هەرێم لە سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیادا.

**وشە سەرەکیەکان:** هەرێمی کوردستان، ڕووسیای فیدراڵ، سیاسەتی دەرەوە، بەرژەوەندی ئابووری و سیاسی، ریفراندۆم

## 1. پێشەکی

هەرێمی کوردستان پاش ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی سەدامی لە لایەن ئەمریکا و هاوپەیمانە دەرەکی و ناوخۆییەکانیەوە بەرەو پێشکەوتنی زیاتر هەنگاوی نا لەسەر ئاستی هەرێمی و نێونەتەوەیی. ئەگەر پێش 2003 ئەم ناوچەیە بە باکووری عێراق یاخود باشووری کوردستان یان هەر ناوێکی دیکە بانگ کرابێت، ئەوا لەو بەرواره بەدواوە ناوە فەرمیەکەی دەبێتە هەرێمی کوردستانی عێراق. ئەم ناونیشانە لە دەستووری نوێی عێراقیدا چەسپێندراوە. زۆر بەخێرایی ئەم هەرێمە دەبێتە جێگای سەرنجی دەوڵەتان. کورد توانی پەیوەندییە دەرەکیەکانی خۆی بونیادبنێت لەگەڵ وڵاتانی بیانیدا، چ لەسەر ئاستی هەرێمی و ناوچەکە بێت، یاخود لەسەر ئاستی جیهانی بێت. لەنێوانی ئەو وڵاتانەی کە پەیوەندیەکانی گەشە دەکات، پەیوەندیەکانی دەوڵەتی ڕووسیایە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا. لەم ڕووەوە، سەرچاوەیەکی کەمی زانستی کوردی هەیە کە گرنگی بە لێکۆڵینەوەی پەیوەندیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و وولاتی ڕووسیا دابێت، ڕەنگە هۆکارەکەشی بە پلەی یەکەم پەیوەندی بە ڕووسیاوە هەبێت، بەوپێیەی ئەم وڵاتە بەهۆی کێشە ناوخۆییەکانیەوە لە دەیەی نەوەدەکانی کۆتایی سەدەی ڕابردوو نەیتوانی سیاسەتێکی دەرەکی کاریگەری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ ئەکتەرە دەوڵەتی و نا دەوڵەتیەکاندا هەبووبێت، یاخود لەبەرژەوەندی نەبوبێت مامەڵە لەگەڵ گەلانی بندەستی ڕژێمە تۆتالیتارەکانی ناوچەکە بکات. بەڵام سەرەتای سەدەی نوێ بەتایبەت لەگەڵ دەرکەوتنی کەسایەتیەکی کاریزیی وەك ڤلادمیر پوتین، هێز و کاریگەری دەوڵەتی ڕووسیا لەسەر شانۆی جیهانی و پاڵپشت بە پەیڕەوکردنی ستراتیژیەتێکی ڕووسی جیاواز، فاکتەری ڕووسی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاریگەرتر دەردەکەوێت. لەو نێوانەدا گەشەسەندنی پەیوەندیەکانی دەوڵەتێکی زلهێزی وەك ڕووسیا لەگەڵ هەرێمێکی بچووکی فیدراڵی دەوڵەمەند بە نەوت و غاز لە کوردستانی عێراقدا بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەسەندن بەخۆیەوە دەبینێت.

مجلّة پۆليتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية

المجلد 1، العدد 2 (2020)

أُستلم البحث في 26 يناير 2020؛ قُبل في 12 آذار 2020

ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 8 كانون الاول 2020

البريد الإلكتروني للمؤلف: Karzan.muhammed@univsul.edu.iq

حقوق الطبع والنشر © 2020 كارزان. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

## 2. چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

### 2.1 گرنگی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە بەزمانی کوردی و پاڵپشت بەسەرچاوەی زانستی لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی گەشەسەندنی پێگەی هەرێمی کوردستان لەسیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا دەکات.

### 2.2 ئامانجی توێژینەوەکە :

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بە ئامانجی دەولەمەندکردنی ئەدەبیاتی نوسینی کوردی لەبواری لێکۆڵینەوەی پەیوەندیەکانی تێوان هەرێمی کوردستان و دەولەتی ڕووسیای فیدراڵ لەکاتێکدا ژمارەیەکی زۆرکەم توێژینەوە لەم بوارەدا ئەنجامدراون.

### 2.3 کێشەی توێژینەوەکە:

هەموو توێژینەوەیەك بە ئامانجی وەڵامدانەوەی پرسیارێك یان چەند پرسیارێك ئەنجام دەدرێت. پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە شیکردنەوەی گرنگی پێگەی هەرێمی کوردستانە لە سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیادا. ئامانجی مۆسکۆ چییە لە گرنگیدان بە هەرێمی کوردستان، بەدیوێکی دیکە ئایا هەرێمی کوردستان پێگەیەکی گرنگی هەیە لە سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیادا، ئەگەر گرنگە، هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟

### 2.4 گریمانەی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە کار لەسەر گریمانەیەك دەکات:ڕووسیا بەشێوەیەکی پراگماتیکیانە مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکات، هۆکاری سیاسی و ئابووری ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لەیەك نزیکبوونەوەی هەولێر و مۆسکۆ. ئەم توێژینەوەیە گریمانەی ئەوە دەکات کە هەرێمی کوردستان پێگەیەکی گرنگی دەبێت لە سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا ئەگەر هەرێم بتوانێت بەرژەوەندیە ئابووری و سیاسیەکانی مۆسکۆ بپارێزێت.

### 2.5 میتۆدی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا سوود لە چەند میتۆدێك وەرگیراوە. توێژەر میتۆدی مێژوویی بەکارهێناوە بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژووی پەیوەندیەکانی نێوان کورد و ڕووسیا. پاشان پاڵپشت بە کۆکردنەوەی چەندین سەرچاوەی زانستی توێژینەوەکە هەوڵیداوە سوود لە میتۆدی شیکاری ناوەڕۆك و زانیارییەکان ببینێت و لەچوارچێوەی بابەتەکەدا خوێندنەوە بۆ ڕەوتی ڕووداوەکان بکات. لەم توێژینەوەیەدا سوود لەهەندێك سەرچاوەی ڕووسی وەرگیراوە کە چاوپێکەوتنی کۆمەڵێك کەسایەتی وسەرکردەی مێژوویی کوردییان لەخۆگرتەوە لەمەڕ مێژووی پەیوەندیەکانی نێوان کورد و ڕووسیا.

### 2.6 ئاستەنگەکانی بەردەم توێژینەوەکە:

هەموو کارێکی زانستی بێ گرفت نابێت، لەم چوارچێوەیەشدا، گرفتی سەرەکی توێژینەوەکە ئەنجامدانی کاری چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆی توێژەر بوو لەگەڵ کەسانێکی - ڕووس و کورد- شارەزا بە کاروباری پەیوەندی نێوان ڕووسیا و هەرێمی کوردستان. گرفتێکی دیکە، بەردەستنەبوونی سەرچاوەی زانستی بە زمانی کوردی لەکتێبخانەی کوردی سەبارەت بە پەیوەندیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ڕووسیای فیدراڵ. ئەو سەرچاوانەی کە توێژەر بەکارهێناون زۆربەی سەرچاوەی دەستی یەکە بەڵام بە زمانەکانی ڕووسی و ئینگلیزی، کتێبخانە و ئەدەبیاتی کوردی لەم ڕووەوە زۆر هەژارە.

### 2.7 پێکهاتەی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە پێشەکیەک و سێ تەوەرە. تەوەرەی یەکەم، تەرخانکراوە بۆ لایەنی تیۆری و تیایدا شیکاری چەمکی سیاسەتی دەرەوە کراوە. تەوەرەی دووەم، پیداچوونەوەی بە مێژووی پەیوەندیەکانی نێوان یەکێتی سۆڤێت و کورد کردووە. لە تەوەرەی سێهەمدا توێژینەوەکە گرنگی پێگەی هەرێمی کوردستان لە سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیادا ڕوون دەکاتەوە. ئەم تەوەرەیە بۆ سێ لق دابەش کراوە. لقی یەکەم: پەیوەندیەکانی ڕووسیا و کوردستانی عێراق پاش ڕاپەرینی بەهاری 1991 لەخۆدەگرێت.لقی دووەم تیشکی خستووەتە سەر پەیوەندی ڕووسیا و هەرێمی کوردستان پاش ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی عێراقی، هەرچی لقی سێهەمە شرۆڤەی هەڵوێستی ڕووسیا لەسەر پرۆسەی ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی لەهەرێمی کوردستان دەکات.

## 3. تەوەری یەکەم: شرۆڤە و پێناسەکردنی چەمکی سیاسەتی دەرەوە:

لەسەردەمی ئەمڕۆدا ژیانی ڕۆژانە تا ئاستێکی زۆر بە نێودەڵەتی بووە - لەسایەی سیستەمێکی جیهانی بەگڵۆباڵیزەکراودا، ئەوەی کە پێی دەگوترێت بەجیهانی بوون" Globalization"- بەتایبەت لە دەوڵەتانی پێشکەوتوودا، ئەو دەوڵەتانەی لە ڕووی ئابووری و بازرگانی، سەربازیەوە زۆر پێشکەوتون(1). ئەم ڕاستیانە چۆنێتی پێناسەکردن و شرۆڤەکردنی سیاسەتی دەرەوەیان ئاڵۆزکردوە. ئەمڕۆ، سیاسەتی نێودەوڵەتی سیستەمێکی تێکەڵ و ئاڵۆزە کە پێکهاتووە لە دەوڵەتان، ڕێکخراوەکان، ئەکتەرە نا دەوڵەتیەکان، کە هەموو ئەمانە لەسەر ئاستی جیاواز کارلەیەکتری دەکەن(2). لە ڕابردوودا، جیاکردنەوەی سیاسەتە لۆکاڵیەکان لە سیاسەتە دەرەکیەکان کارێکی ئاسان و دیاربوو، بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆمان و لەسەردەمی جیهانگیریدا، تاڕادەیەکی زۆر جیاکردنەوەی ئەو هێڵە شێواوە(3)، هۆکارەکەشی پەیوەندی هەیە بە فراوانبوونی مەیدانی کارکردن لە سیاسەتی دەرەکیدا، ئەگەر پێشتر، ئەم سیاسەتە قۆرخکرابێت لەلایەن کارەکتەری دەوڵەتیەوە، ئەوا، ئەمڕۆکە، کارەکتەری نا دەوڵەتیش ڕۆڵ دەبینێت هاوشێوەی دەوڵەتان. سیاسەتی دەرەوە پرۆسەی دروستکردنی بڕیارە، ئامرازێکە دەوڵەت دەیخاتە خزمەت بەرژەوەندیەکانی. سیاسەتی دەرەوە ئەو ئامانجانە شیدەکاتەوە کە دەسەڵاتداران دەیانەوێت شوێنی بکەون لەبارودۆخێکی گونجاو سەبارەت بە بابەتێکی دیاریکراو. سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت ڕەنگدەرەوەی ئەو سیاسەتەیە کە لەناوخۆدا پەیرەو دەکرێت. ئاشکرایە ئەرکی حکومەت بریتیە لە دابینکردن و پاراستنی بەرژەوەندیەکانی هاوڵاتی و دەوڵەت. بەو پێیەی دەوڵەتیش لەچوارچێوەی سیستەمێکی نێودەولەتیدا لە کارلێکدایە لەگەڵ دەوڵەتانی دیکەدا، ئەوکات بابەتی

پارێزگاریکردن لەبەرژەوەندیەکانی دەوڵەت دەبێتە ئەرکی سەرەکی داڕێژەرانی سیاسەتی دەرەوە. وەك چۆن بۆ هەموو دەوڵەتێك گرنگە چوارچێوەیەکی هەبێت بۆ چۆنێتی سیاسەت کردن لەسەر ئاستی ناوخۆیی، بەهەمان شێوە لەسەر هەموو دەوڵەتێك پێویستە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی هەبێت لە مامەڵەکردنی لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا. سیاسەتی دەرەوە بەرهەمی ئەزموونێکی دوورودرێژە لەگەڵ بیروباوەڕی سیاسی و ئایدۆلۆجی کەلەکەبووی ڕابردووی هەر دەوڵەتێك(4). کۆدەنگیەك هەیە لەنێوانی توێژەراندا سەبارەت بەوەی کە سیاسەتی دەرەوە کاریگەرە بە فاکتەرە دەرەکی و ناوخۆییەکان، فاکتەرە دەرەکیەکان وەکو(کاروکاردانەوەی وڵاتان، پێکهاتەی هێز یاخود سیستەمی نێودەولەتی، یاسای نێودەوڵەتی، ڕێکخراوە نێودەولەتیەکان، پێشبڕکێی چەك، هاوپەیمانێتیەکان)، بەڵام فاکتەرە ناوخۆییەکان بریتین لە (کەلتورو مێژوو، شوێنی جوگرافیا و جیۆپۆلەتیکی دەوڵەت، دانیشتوان، گەشەی ئابووری و سەرچاوە سروشتیەکان، توانا سەربازییەکانی دەوڵەت و جۆری سیستەمی سیاسی، ڕادەی پێشکەوتووی وڵات لەڕوانگەی تەکنەلۆجیەوە)(5). شایەنی ئاماژە پێدانە، سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان بابەتێك نییە بە جێگری بمێنێتەوە، بەڵکو سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت شیاوی ئەوەیە گۆڕانکاری بەسەردابێت. ئەم دیدگایە زۆرتر بۆ ئەو دەوڵەتانە ڕاستن کە بەهێزن یاخود لەهەوڵی بەهێزبوونی پێگەکەیانن لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، لە نمونەی ڕووسیا. هاوکات، کاتێك کە دەوڵەتێك توانا ئابووری و سیاسی و سەربازیەکانی گەشەدەکات و بەهێز دەبێت، ئەم دەوڵەتە بەدوای گۆڕانکاریکردنەوەیە لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا بەشێوەیەك کە لەبەرژەوەندی دابێت. هەروەها زۆرتر ئەم دەوڵەتانە سیاسەتیان گۆڕانکاری بەسەردا دێت بەراورد بە دەوڵەتانی لاواز لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی گشتی دەوڵەتی لاواز کاریگەرە بە سیاسەتی دەوڵەتە بەهێزەکان. بەڵام لە هەردوو دۆخەکەدا، دەوڵەتان لەهەوڵی پارێزگاریکردنن لە بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانیان لەڕێگەی سیاسەتی دەرەکییانەوە(6).


سەبارەت بە پێناسەکردنی سیاسەتی دەرەوە، "کریستۆفەر هێڵ" دەڵێت "سیاسەتی دەرەکی بریتیە لە ڕادەی ئەو پەیوەندیە دەرەکیانەی لەلایەن کارەکتەرە سەربەخۆکانەوە جێبەجێ دەکرێن- بەزۆری کارەکتەری دەولەتین- لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا(7). نوسەرێکی دیکە بەناوی "دێریك بیچ" لەبارەی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتەوە دەلێت: سیاسەتی دەرەکی بریتیە لە ڕەفتار و ئەو چالاکیە دیاریکراوانەی کە دەوڵەت یاخود هەر یاریزانێکی کاریگەری بەکۆمەڵی دیکە پێی هەڵدەستن بەرامبەر بە دەوڵەت یاخود یاریزانێکی دیکە لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا. جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوە دەکرێت لەڕێگەی ئامرازی جۆراوجۆرەوە ئەنجام بدرێت هەر لە چۆنێتی پەسەندکردنی بەیانامەکان، لێدوانەکان، ڕێکەوتننامە و دانوستانەکان، پێدانی هاوکاری بەهەندێك لە دەوڵەتان، چالاکی دیپلۆماسی وەکو کۆنگرەی لوتکەکان و بەکارهێنانی هێزی سەربازی(8). بەڵام "جۆرج مۆدۆلسکی" دەڵێت سیاسەتی دەرەوە بریتیە لە سیستەمی ئەو کاروچالاکیانەی لەلایەن کۆمەڵگەکانەوە برەویان پێدراوە لەپێناو گۆڕینی ڕەفتاری دەوڵەتانی دیکە و هەروەها لەپێناو گونجاندنی ئەو کاروچالاکیانەیان لە ژینگەی نێودەوڵەتیدا(9). "جۆزێف فرانکل" دەڵێت "سیاسەتی دەرەکی لەو بڕیار و کردارانە پێکهاتووە کە کۆمەڵێك پەیوەندی بایەخدار لەخۆدەگرێت لەنێوانی دەوڵەت و ئەوانی دیکەدا"(10). "هێرمان دەڵێت" سیاسەتی دەرەوە بریتیە لە پلان، ئامانج و کردەوەکانی حکومەتێك  کە ئاڕاستەی حکومەت ودەوڵەتانی دیکەی دەکات(11). دواجار، دەڵێین سیاسەتی دەرەوە بریتییە لە کارلێکی سیاسەتە ناوخۆیی و دەرەکیەکانی دەرەوەی دەوڵەتێك بەرامبەر بە دەوڵەتێکی دیکە بە ئامانجی زامنکردن و پاراستنی بەرژەوەندیەکانی دەولەت.

شایەنی ئاماژەپێدانە، پسپۆرانی بواری پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان دیدی جیاوازیان هەیە دەربارەی ئاڕاستەکردنی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت لەچوارچێوەی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا. دەکرێت سیاسەتی دەرەکی دەوڵەتێك هێرشبەرانە بێت، یاخود زیاتر مەیلی بەلای بەکارهێنانی ئامرازەکانی ناچارکردن و سەپاندنی خواستەکانی بێت بەسەر خواست و ویستی دەوڵەتێکی دیکەدا.ئەم تێڕوانینە زۆرتر لایەنەگرانی قۆتابخانەی ڕیالیزمی نوێ جەختی لەسەر دەکەنەوە. بەپێچەوانەوە، دەکرێت سیاسەتی دەرەکی دەوڵەت بەدەربێت لە خواستی بەکارهێنانی هێز و توندوتیژی لەپێناو دەستکەوتنی ئامانجەکان، سیاسەتی پشتبەیەکتربەستنی وڵاتان بێت، سیاسەتی پەرەپێدان و پشتیوانیکردنی بەرژەوەندیەکان بێت. ئەم دیدە لایەنگرانی قوتابخانەی لیبڕالیزم جەختی لەسەردەکەنەوە. "جۆن مێرشهایمەر" وەك توێژەرێکی سەر بەقوتابخانەی ڕیالیزمی بونیادی(Structural Realism)، پێی وایە کە دەبێت سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت سیاسەتێکی هێرشبەرانە بێت، چونکە تایبەتمەندی پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی بەشێوەیەکە دەسەڵاتێکی باڵاتر نیە لە دەوڵەت کە هەمووان دژی دەستدرێژیەکان بپارێزێت. لە دیدی ئەم نوسەرەوە، ئامانجی سەرەکی دەوڵەت لەچوارچێوەی سیستەمێکی پڕ لە ئاژاوە و نەبوونی دیسیپلیندا، بریتی دەبێت لە مانەوە و خۆپارێزی لە هەڕەشەی دەوڵەتانی دیکەی ناو سیستەمەکە، لەبەرئەوە پێویستە دەوڵەت سیاسەتە دەرەکیەکەی هەمیشە هێرشبەرانە بێت(12). بەڵام ئەو توێژەرانەی سەربە قوتابخانەی لیبرالیزمین دیدێکی تارادەیەك زۆر پێچەوانەیان هەیە. ڕۆبێرت کیۆهین و جۆزێف نای لە کتێبی ( Power and Interdependence) پێیان وایە کە سیستەمی نێودەوڵەتی سروشتەکەی بەوشێوەیە نییە کە ڕیالیستیەکان لێی دەڕوانن، بەڵکو دەوڵەتان لەچوارچێوەی ئەو سیستەمەدا لە پەیوەندیەکی بەهێزی ئابووریدان. بەکاریگەری بەجیهانی بوونی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان، لەبری بیرکردنەوە لە جەنگ و چارەسەری کێشەکانی نێوانیان لەڕێگەی ململانێ و جەنگەکانەوە، دەوڵەتان هەوڵی چارەسەری کێشە جیهانیەکان دەدەن لەڕێگەی دامەزراوە نێودەوڵەتیەکانەوە. پێیان وایە لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا لەگەڵ ئەوەی دەسەڵاتێکی باڵادەست بوونی نیە لەسەروو دەسەڵاتی دەوڵەتانەوە، بەڵام سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتان هەڕەشە نین بۆ سەر یەکتری، ئەوەش واتای ئەوەیە کە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی هێزی زیاتر یاخود خۆپارێزی و هەوڵدان بۆ مانەوە لەچوارچێوەی سیستەمی نێودەوڵەتیدا ئامانجی سەرەکی دەوڵەتان نییە(13). بەم شێوەیە، چەمکی سیاسەتی دەرەوە بەهای خۆی بەدیاردەخات.


شایەنی ئاماژەپێدانە، سیاسەتی دەرەوە بەشێکە لە بوارێکی زۆرفراوانتری پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان، چونکە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان بە تەنها سیاسەتی دەرەکی تاکە دەولەتێك لەخۆدەگرێت، بەڵکو کۆی هەموو ئەو پرۆسەی کار و کاردانەوانەی دەوڵەتان لەچوارچێوەی سیستەمێك کە پێی دەگوترێت سیستەمی نێودەولەتی لەخۆدەگرێت. ئەو بوارەی سیاسەتی دەرەوە کاری لەسەر دەکات، بریتیە لە پەیوەندیەکانی نێوان تاکی بڕیاربەدەست، کۆمەڵگە و دامەزراوەکانی تاکە

دەوڵەتێك. بەڵام بواری پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان زۆر بەرفراوانترە و کۆی پەیوەندیە هەمەلایەنەکانی نێوان یەکە دەوڵەتی و نا دەوڵەتیەکان لەخۆدەگرێت. لەم هێلکارییەی خوارەوە جیاوازی نێوان پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان و سیاسەتی نێودەوڵەتی دەخەینە ڕوو(14):

پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان وەك بوارێکی ئەکادیمی:




سیاسەتی دەرەوە وەکو لقە بوارێکی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان:




لەلایەکی دیکەوە، ڕۆبێرت جاکسۆن و جۆرج سۆرێنسۆن لە کتێبی (Introduction of international Relations, Theories and Approaches)، لەمەڕ ئەم بابەتە بەم شێوەیەی خوارەوە شیکردنەوەی ئاستەکانی سیاسەتی دەرەوە دەکەن (15):

1. لەسەر ئاستی سیستەم:(بۆ نمونە،دابەش بوونی هێز لەنێوانی دەوڵەتاندا، ڕادەی پشت بەیەکتربەستی وڵاتان بەیەکدی لەڕووی ئابووری و سیاسیەوە).

2. لەسەر ئاستی دەوڵەت:( بۆ نمونە، جۆری حکومەتەکە چیە، دیموکراتیە یاخود ئۆتۆکراتیە، یان پەیوەندیەکانی نێوان دامودەزگاکانی حکومەت لەگەڵ گروپەکانی ناو کۆمەڵگە بەچ شێوەیەکە).

3. لەسەر ئاستی تاکەکەسی بڕیار بەدەست:( بۆ نمونە، سەرکردە چۆن بیر دەکاتەوە، بیروباوەرە بنچینەییەکان لای ئەو چین و چ بابەتێك بۆ کەسی بڕیاربەدەست گرنگی زۆری هەیە بەراورد بە بابەتەکانی دیکە).

ئەم شیکاریەی ڕۆبێرت جاکسۆن و جۆرج سۆرێنسۆن بۆ سیاسەتی دەرەوە، یارمەتیەکی زۆرمان دەدات لە شیکردنەوەی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا چونکە:

1. دابەشبوونی هێز بابەتێکی جەوهەرییە لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا بەتایبەت لای زانایانی قوتابخانەی ڕیالیزمی. ئاشکرایە سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت پەیوەستە بە ڕادەی بەهێزی ئابووری و سەربازی دەوڵەتەوە. ئەو وڵاتانەی لەم دوو ڕەهەندەوە بەهێزن، سیاسەتی دەرەوەیان لەچوارچێوەی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا زۆر کاریگەرە بەراورد بەو دەوڵەتانەی لاوازن لەم ڕووەوە. دەبینین ڕووسیا وڵاتێکە لەڕووی سەربازییەوە زۆر بەهێزە. بەگوێرەی ئامارێکی دەزگای (Global Fire Power) بۆ ساڵی 2017، ڕووسیا لەڕووی سەربازیەوە لە پلەی دووەم دێت دوای ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا(16). هەروەها خاوەنی یەدەگێکی نەوت و غازی زۆرە و دەوڵەتانی یەکێتی ئەورووپی کڕیارێکی باشی ئەم سەرچاوە سروشتیانەن لە ڕووسیا. مۆسکۆ توانیوەیەتی وەك کارتی فشار بەکاری بهێنێت لەگەڵ دەوڵەتانی ناو یەکێتیەکە کە خاوەن ئابووریەکی زۆربەهێزن لەنمونەی نمونە ئەڵمانیا و فەڕەنسا. ئەم وڵاتانە ئابوورییان بەهێزترە بەراورد بە ڕووسیا، بەڵام سیاسەتی دەرەکییان هێندەی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا کاریگەری نیە لە چوارچێوەی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا(17). لەڕاستیدا، ئەم جۆرە تێگەیشتنە بۆ دابەشبوونی ڕێژەیی هێزی سەربازی، تێگەیشتنێکی ڕیالیستیانەیە، لەکاتێکدا، لیبڕالیستەکان زۆرتر بایەخ بە هێزی ئابووری دەوڵەت دەدەن. لەڕوانگەی قوتابخانەی لیبڕالیزمەوە، ئەگەر دەوڵەت ئابووریەکی بەهێزی هەبێت، سیاسەتێکی دەرەکی چالاکی دەبێت.

2. جۆری سیستەمی سیاسی کاریگەری هەیە لەسەر ڕادەی چالاکی و ناچالاکی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت. سیستەمە سیاسیە نادیموکراسیەکان خاوەن سیاسەتێکی دەرەکی چالاکترن بەراورد بە سیستەمە سیاسیە نادیموکراسیەکان لەبەرئەوەی کە سیستەمە دیموکراسیەکان خاوەن دامەزراوەی چاودێریکردنن بەسەر شێوازی بەڕێوەبردنی دەسەڵات لەلایەن کاربەدەستانەوە، یاخود دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەردەوام چاودێریکی هەیە کە ئەویش دەسەڵاتی یاسادانانە. بەڵام لە سیستەمە نادیموکراسیەکان کاربەدەستان لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەخواستی خۆیان سیاسەتی دەرەکییان ئاڕاستە دەکەن بەبێ گەڕانەوە بۆ دەزگاکانی چاودێریکردن. بۆ نمونە، فۆرمی حکومەت لە ڕووسیا فۆرمێکی دیموکراسی نیە هاوشێوەی دەوڵەتە لیبراڵ دیموکراسیەکانی ئەمریکا و ئەورووپا، بەڵکو فۆرمی حکومەتی ڕووسیا زۆرتر لە نا دیموکراسیەوە نزیکە لە واقعدا، لەگەڵ ئەوەی کە دەستووری پەسەندکراوی ساڵی 1993، ڕووسیای وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی دیموکراتی کە جۆری حکومەتەکەی کۆمارییە ناساندوە(18). هەرچەندە لە ڕووسیا هەڵبژاردنیش دەکرێت و جگە لە پارتی"ڕووسیای یەکگرتوو" کە لە لایەن سەرۆکی ئێستای ڕووسیاوە" ڤلادمیر پوتینەوە" سەرکردایەتی دەکرێت، چەندین گروپ و پارتی سیاسی دیکە بوونیان هەیە، بەڵام پوتین و پارتەکەی لە سەرەتای سەدەی نوێوە لەدەسەڵاتدان و بڕیاربەدەستی یەکەمی ئەو وڵاتەن. لەلایەکی دیکەوە، پەیوەندیەکانی نێوان دەسەڵات لە کۆشکی کرێملین و گروپ و پارت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕووسیا لە نزمترین ئاستدایە، بەوپێیەی ڕێگە نادرێت بەو ڕێکخراوانە هەڵسن بە پیشەی سەرەکی خۆیان کە چاودێریکردنی ڕەوشی سیاسی و چۆنێتی پرۆسەی حکومڕانێتی کردن لە ڕووسیا. کەواتا گروپە جیاوازەکانی کۆمەڵگە لە ڕووسیا کەمترین کاریگەریان هەیە لەسەردروستکەرانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەیان(19).

3. سەرکردەکان و کاربەدەستانی بەرپرس لە داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت کاریگەرییەکی ئاشکراو ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت. بۆ نمونە، ڕاستیەك هەیە پێویستە ئاماژەی پێدرێت ئەوەیش ئەوەیە کە پوتین کەسایەتیەکی کاریزمی بەهێزی ناوخۆ و دەرەوەی ڕووسیایە. ئەم سەرکردەیە هەنگاو بەهەنگاو توانیویەتی ڕۆڵ وپێگەی لەدەستچووی یەکێتی سۆڤیێتی پێشوو بۆ مۆسکۆ بگەڕێنێتەوە. لەسەردەمی پوتیندا وەك یەکەم بڕیار دروستکەری سیاسەتی دەرەوە، وڵاتەکەی زۆرکاریگەرتر دەردەکەوێت، توانیویەتی ببێتە لەمپەڕ لەبەردەم سیستەمی لیبراڵ دیموکراسی جیهانی کە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ئەورووپا سەرکردایەتی دەکەن. دەبینین لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەت لە سووریا، ڕووسیا بە بەهێزی دەرکەوتوتەوە. لەگەڵ زۆربەی ڕژێمە دەسەڵاتدارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەوانەی کە هاوپەیمان یاخود نەیاری ئەمریکان پەیوەندی سیاسی و ئابووری و سەربازی لەگەڵیاندا هەیە. بیرکردنەوەی پوتین نەتەوەییە، ئەو خەون بەسەردەمانی شکۆمەندی بەهێزی یەکێتی سۆڤیێتی پێشووەوە دەبینێت، ئەو دەوڵەتەی کە بۆ ماوەی نیوسەدە

ڕکابەرێکی سەرسەختی سیاسی، ئایدۆلۆژی و سەربازی ئەمریکا بوو. پوتین دەیەوێت ڕووسیای ئەمرۆ بخاتەوە سەرسکەی جاران و سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی بەشێوەیەك لێکردووە دەتوانێت کێبڕکێی پێگە و هەژموونی سیاسەتی دەرەوەی ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بکات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا(20). شایەنی ئاماژەپێدانە، مێژووی دروستبوونی ڕووسیای نوێ بەدوو قۆناغ دەناسرێتەوە، قۆناغی بۆریس یەڵتسن کە لە ساڵی 1991دەست پێدەکات و تاکو ساڵی 1999 بەردەوام دەبێت. قۆناغی دووەمیش بە وەرگتنی دەسەڵات لەلایەن ڤلادمیر پوتینەوە دەست پێدەکات کە تا ئێستا بەردەوامی هەیە. لەهەردوو قۆناغەکەشدا، تایبەتمەندی ڕژێمی سیاسی ڕووسی لەجۆری ڕژێمی سیاسی تێکەڵاو(Hybrid Regime) دەناسرێتەوە. ئەم چەمکە بەواتای پۆلێنکردنی ڕژێمێکی سیاسیە کە بەشێوەیەکی بەهێز دیموکراسی نییە و هەروەك تا ئاستێکی زۆریش ئۆتۆکراسی نییە، واتا ڕژێمێکی تەواو دیکتاتۆری نییە. ڕژێمی سیاسی تێکەڵاو کەتووەتەوە نێوانی ئەو دووجۆرە ڕژێمە سیاسیەوە. لەچوارچێوەی ئەم سیستەمە سیاسیەدا، کاریگەری سەرکردەی وڵاتەکە بەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیارلە سیاسەتی دەرەکیدا زۆر بەهێزە. سەرۆکی ڕووسیا بەگوێرەی پێگە یاسایی و تایبەتمەندیە کەسییەکەی، کاریگەری بەهێزی لەسەر وەرگرتنی بڕیاری دەرەکی وڵاتەکەی هەیە(21).

## 4. تەوەرەی دووەم: کورد و یەکێتی سۆڤێت، گەڕانەوەیەك بۆ مێژووی پێش ڕاپەڕینی ساڵی 1991

ساڵی 1921 یەکێتی سۆڤێتی پێشوو مافە نەتەوەییەکانی کوردی بە فەرمی ناساند. ساڵی 1923، لە سنووری نێوان کۆماری ئازربایجان و کۆماری ئەرمینیا ناوچەیەکی بۆ کوردەکان دەستنیشان کرد کە پایتەختەکەی شاری"لاچین" بوو. لەسەردەمی ئەمڕۆدا ئەو جوگرافیایە دەکەوێتە ناوچەی کێشە لەسەری ناسراو بە " ناگۆرنە- قەرەباغ ". بە ماوەیەکی کەم پاش ئەو ڕووداوە، ناوچەکە بە کوردستانی سوور ناوبانگی دەرکرد" Красний Курдситан"(22).دواتربووە لانکەی سەرهەڵدانی بزوتنەوە نەتەوەییە ئازادیخوازەکانی کورد لە سەرجەم پارچەکانی کوردستان کە بەسەر ئێران و تورکیا و عێراق و سووریا دابەش کراون. ئەگەر لە دەیەی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو کوردەکان توانیبێتیان پراکتیزەی مافە کلتووریەکانی خۆیان بکەن، ئەوا لە دەیەی سییەکان ڕێگرییان لێدەکرێت و تەنانەت دەکەونە بەردەم هەڕەشەی پرۆسەی بە ڕووسیکردن لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەوکاتی یەکێتی سۆڤێتەوە. لەو سەردەمانەدا کوردەکان ئاوارەی ناوچەکانی ئاسیای ناوەڕاست دەکرێن و لە قیرغیزستان، ئۆزبەکستان و کازاخستان جێگیر دەکرێن(23). هەر لەو ساڵانەدا و بە بڕیاری جۆزێف ستالین کوردەکانی سۆڤێت ڕووبەڕووی نارەحەتی و ئازاری زۆر بوونەوە. لەگەڵ مردنی ستالین سیاسەتی سۆڤێتیش بەرامبەر بە کورد گۆڕانی گەورە بەخۆیەوە بینی، فراوانتر دەبێت و سنورە سیاسیەکە دەپەڕێنێت و بوارەکانی کلتووری و ڕۆشنگەریش لەخۆدەگرێت، بۆ نمونە، بڵاوکردنەوەی کتێب، ڕۆژنامە، کردنەوەی فاکەڵتیەکی کوردی لە یەریڤان، هەروەها پێشوازی کردن لە شاندی کوردەکانی عێراق بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی لە فیستیڤاڵی مۆسکۆی ساڵی 1957. ئەم ڕووداوانە نیشاندەری گرنگی پێدانی کورد بووە لەسیاسەتی دەرەوەی سۆڤێتیدا، بەڵام ئەم پشتیوانییانە هەمیشە وەك کارتێکی فشار وابوون کەی سۆڤێت لەبەرژەوەندی بووبێت ئەنجامی داون. بەدیوێکی دیکە، یەکێتی سۆڤێتی پشوو لەگەڵ کوردە نیشتەجێکانی خاکی خۆیدا خراپ مامەلەی کردوە، بەڵام لەگەڵ کوردی پارچەکانی دیکە بەگوێرەی بەرژوەندیەکانی خۆی مامەڵەی لەگەل کردون. سەرەڕای ئەوەش، کوردەکانی سوڤێت بەشدارییەکی چالاکیان هەبووە لەچوارچێوەی دەوڵەتەکەدا. بەپێچەوانەی سەردەمی ستالینەوە، ساڵی 1959 لە کۆی 459 نوێنەری پارتی کۆمۆنیستی لە پەرلەمانی کۆماری ئەرمینیا سیانیان کورد بوون(24). لەدوای جەنگی دووەمی جیهانیشەوە هەرکاتێك سۆڤێت بەرژەوەندی خواستبێتی بەشێوەیەك لەشێوەکان چووەتە پێشەوە و هاوکاری کوردی کردوە. بۆ نمونە، کاتێك کۆماری مەهاباد لەلایەن سوپای ئێرانیەوە لەناودەبرێت گروپێك لە کوردەکان بەسەرکردایەتی مەلا مستەفا بارزانی وەك پەناهەندە لەلایەن سۆڤێتەوە و بە بڕیاری ستالین مافی مانەوەیان پێدەدرێت. تەنانەت سۆڤێت ویستی ئەوەی هەبووە کە بارزانی و هاوڕێکانی ڕەوانەی عێراق بکاتەوە و پشتیوانی عەسکەریشیان بۆ دابین بکات بۆ ئەوەی وەکو فشارێك بەرامبەر بە بەڕیتانیا و ئەمریکا و دەوڵەتانی ناوچەکە بەکاریان بهێنێت(25)."ماکسیم لێبسکی максим лебискии" کە نوسەرێکی ڕووسە دەڵێت: دەسەڵاتدارانی سۆڤێت لە مانگی ئابی 1948 بڕیاری گواستنەوەی مستەفا بارزانی و هاوەڵەکانی دەدەن لە ئازربایجانەوە بۆ ئۆزبەکستان. پاش مانەوەیان لە سۆڤێت، ساڵی 1958 بارزانی و هاوەڵانی ڕەوانەی عێراق کرانەوە. ئامانج لە پلانێکی لەم شێوەیەی سۆڤێت لەپێناو جێبەجێکردنی ئەرکەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتەوە بووە، ئەوانیش(26):

1. ئاڕاستەکردنی کوردەکان بۆ شەڕی دژی حکومەتی عێراقی کە ئەوکات پشتیوانی دەکرا لەلایەن ئینگلیزەوە. ئاشکرایە کە عێراق هەتا دەیەی سییەکانی سەدەی رابردوو لەژێر ئینتدابی بەریتانی بووە، لەبنەڕەتیشدا دامەزراندنی دەوڵەتە نوێیەکە دەرەنجامی شکستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بووە لەلایەن دەوڵەتانی بەریتانیاو فەرەنساوە، بەشێوەیەك بەریتانیا خاکی عێراقی خستبووە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە. بەهۆی دۆزینەوەی نەوتەوە لەعێراق، لەندەن هێندەی دیکە پەیوەست دەبێت بە پاراستنی بەرژەوەندیەکانی لەم وڵاتەدا. حکومەتی پاشایەتی عێراقی دروستکراوی دەستی بەریتانیەکان بوو، تەواو لەژێرکاریگەری لەندەن بوو، سۆڤێت مەبەستی بوو ئەم سنوورە تێپەڕێنێت.
2. پاڵپشتی کردنی مستەفا بارزانی بۆ لەناوبردنی هەموو ئەو پەیوەندی و بەرژەوەندیيانەی کە کۆمپانیا بەریتانی و ئەمریکیەکان لە باکووری عێراق هەیانبوو کە سەرچاوەی هێز بوون بۆ سوپای بەریتانیا و ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

لەلایەکی دیکەوە، "یڤگێنی بریماکۆڤ" باس لە دەیەی شەستەکانی سەدەی رابردوو دەکات، ئەوکاتە ئەو وەك پەیامنێرێکی لاوی ڕۆژنامەی پڕاڤدا" правда" کاری دەکرد- ئەم ڕۆژنامەیە تائێستاش بەردەوامی هەیە- باس لەوە دەکات مۆسکۆ ڕۆڵێکی بنچینەیی هەبووە لە لێکنزیکردنەوەی لایەنی عێراقی و سەرکردە کوردەکان لە پێناو ئیمزاکردنی بەیاننامەی 11ی ئازاری ساڵی 1970. بەگوێرەی ئەو پەیماننامەیە، کوردەکان بوونە خاوەنی هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی و دانتان بە مافە نەتەوایەتییەکانیان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقیدا. دەڵێت ئایدۆلۆژیای باوی ئەو قۆناغە بریتی بوو لە لێکتێگەیشتنی بونیادنەری بەهێز لەنێوانی سۆڤێت و کوردەکانی عێراقدا. بریماکۆڤ هەروەها دەڵێت" کاتێك یەکێتی سۆڤێت لە لێواری

ڕووخان نزیك دەبێتەوە، نزیکەی 153 هەزار کورد لە یەکێتی سۆڤێت ژیاون"(27). دەبێت ئاماژە بەو ڕاستیەش بدرێت کەوا سۆڤێت هەر لەڕووی سیاسیەوە نەبووەتە پەناگەیەك بۆ کورد، بەڵکو بەدیوێکی دیکە، کوردەکان توانیوانە بەهۆی کۆچ کردنیان بۆ ئەو وڵاتە سوود لە زانکۆ و ناوەندەکانی خوێندنی ئەو وڵاتە ببینن و ببنە خاوەنی بڕوانامەی جۆراوجۆر لە بوارە جیاوازەکان و پاشان گەڕانەوەی بەشێك لەو کوردانە بۆ وڵاتی خۆیان و خزمەت کردن لە کەرتە جیاوازەکاندا(28).

ساڵی 1969، یەکێتی سۆڤێت و عێراق پرۆتۆکۆلێکیان ئیمزا کرد لەسەرهاریکاریکردنی زانستی و تەکنەلۆجی لەبوارەکانی وزەی ناوەکی بۆ خزمەتی مەدەنی، بەکاریگەری ئەم پرۆتۆکۆلە، هەردوولا گەیشتنە ڕێکەوتنێك لەسەر ئەنجامدانی توێژینەوەی بنەڕەتی و گرنگ لەبواری فیزیا، کیمیا و زانستەکانی دیکە، دیزاینکردن و پێشخستنی کورەی ئەتۆمی. لەپێناو گەیشتن بەو ئامانجانەش پێویست بوو کار بۆ گۆڕانکاری بکرێت لە پرۆگرامەکانی خوێندن و گۆڕانکاری لە توانای کەسانی پسپۆڕ لە بوارە ئاشتەواییەکانی بەکارهێنانی ووزەی ناوەکی(29). یەکێتی سۆڤێت بەدرێژایی ماوەی جەنگی سارد هاوکار و پەیوەندی نزیکی لەگەڵ لایەنی عێراقیدا هەبووە. لەسەرجەم وێستگەکانی ئەو قۆناغە مێژووییەدا، عێراق سوودمەندی سەرەکی بووە لە کڕینی چەکی سۆڤێتی لەپێناو ڕووبەڕووبونەوەی نەیارەکانی. لەکاتی هەڵگیرسانی شەڕی عێراق ئێراندا، سۆڤێتیەکان لە قاوغی بێلایەنی دێنە دەرەوە و دەچنە پاڵ لایەنی عێراقی و ڕژێمەکەی سەدام حسێن و دەبنە هاوکاری ئەو ڕژێمە لەدابینکردنی چەك و جبەخانەی سەربازی و تەکنەلۆجیای سەربازی(30). مەکسیم لیبیسکی لەزاری ئەفسەرێکی هەواڵگری سۆڤێتیەوە دەڵێت: کێشەی گەلی کورد بەلای سۆڤێت و دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکانەوە بەکێشەیەکی مەترسیدار تەماشاکراوە هیچ لایەنێك ئامادەیی تێدانەبووە بیر لە چارەسەرکردنی بکاتەوە لەبەر هەستیاری پەیوەندیەکانی نێوان ئەو وڵاتانەی خاکی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە(31). پاڵپشت بەو زانیارییانە لەسەرەوە ئاماژەیان پێدرا، چەند ڕاستیەك بەدیار دەکەون دەربارەی پەیوەندیەکانی کورد و یەکێتی سۆڤێتی پێشوو:

1. یەکێتی سۆڤێتی پێشوو هاوشێوەی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەساڵانی جەنگی سارددا، بەشێوەیەکی پراگماتیکانە سیاسەتی کردوە بەرامبەر بە کورد. هێندەی بەلایەوە گرنگ بووە بەرژەوەندیەکانی پەل بهاوێژێتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هێندە بەلایەوە گرنگ نەبووە، گەلی کورد لە عێراق چۆن دەچەوسێندرێتەوە.

2. کوردی عێراق لەماوەیەکی دیاریکراودا هاوکاری سۆڤێتی پێ گەیشتووە ئەویش لەسەردەمی گەڕانەوەی مستەفا بارزانیدایە لە سۆڤێتەوە بۆ باشووری کوردستان بەمەبەستی جێبەجێکردنی پلانەکانی سۆڤێت.

3. یەکێتی سۆڤێت هەوڵی داوە زۆرترین چەکی سەربازی بە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و بەتایبەت عێراق بفرۆشێت، بێ گوێدانە ئەوەی کە ئەو چەکانە چۆن و دژی کێ بەکاردەهێنرێن.

4. بەشێکی زۆر لە کوردەکانی عێراق سەرکردەکانیان بەکاریگەری هزرەکانی مارکس و لینینی دامەزرێنەری یەکەمی دەوڵەتی سۆڤێت خۆیان ڕۆشنبیر کردبوو، بۆ نمونە خەباتی چینایەتی و مافی ڕەوای گەلان لەبەدەستهێنانی مافەکانیان دژی دەوڵەتانی سەرمایەداری و ئیمپریالیزمی جیهانی، بەڵام ئەم دەوڵەتە دواتر لە سەردەمی ستالین لەم پرەنسیپە سەرەکیانە لادەدات لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندیەکانی یەکێتی سۆڤێت. مۆسکۆ لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئامادەبووە مامەڵە بە ڕۆحی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتی وەکو کوردەوە بکات.

5. مامەڵەکردنێکی دۆستانە لەگەڵ ئەو ڕژێمانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە نەیاری ئەمریکا بوون لە نمونەی سووریا. بەڵام پەیوەندیەکانی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی کەنداو دۆستانە نەبووە بەوپێیەی ئەم وڵاتانە پەیوەندی بەهێزی سیاسی و ئابووریان لەگەڵ ئەمریکادا هەبووە.

## 5. تەوەرەی سێیەم: گرنگی پێگەی هەرێمی کوردستان لە سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیادا

سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا پێش ڕووخاندنی ڕژێمی پێشووی عێراق جیاوازە بەراورد بە قۆناغی دوای ڕووخاندنی ئەو ڕژێمە. دەبینین لەسەردەمی حوکمی سەدام حوسێندا، ڕووسیا ئامانجی بریتییە لە هێشتنەوەی پەیوەندیەکانی لەگەڵ ڕژێمی عێراقیدا، گرنگی نادات بە کێشەی کورد لەو چوارچێوەیەدا، هۆکاری سەرەکیش لەم ڕووەوە، لاوازی پێگەی یاسایی هەرێمی کوردستان و بەهێزی کاریگەری سیاسەتی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە بەسەر باشووری کوردستانەوە، هەروەها لاوازی پێگەی ڕووسیایە لەسەر ئاستی سیستەمی جیهانی بەراورد بە ئەمریکا و ئەوروپا. کەواتە لە قۆناغی سەردەمی سەدام حوسێندا، ئامانجی ڕووسیا زۆرتر بریتی بووە لە مانەوەی پەیوەندیەکانی لەگەڵ ڕژێمی عێراقی، بەڵام پاش کۆتاییهاتنی قۆناغی دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس، مۆسکۆ دەیەوێت لە دەرگایەکی دیکەوە بێتەوە ناو عێراق و هەرێمی کوردستان بەهۆی گۆڕان لە بارودۆخ و ژینگەی سیاسی عێراقی.

ئاشکرایە ساڵی لێکهەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤێت هاوکاتە لەگەڵ ڕاپەڕینەکەی بەهاری ساڵی 1991ی گەلی کورد. لەم بەروارە بەدواوە پێگەی سیاسی و یاسایی یەکێتی سۆڤێتی پێشوو لەگەڵ پێگەی سیاسی کوردستانی عێراق گۆڕانکاری بەسەردا دێت. ڕووسیای فیدراڵ بووە جێگرەوەی یەکێتی سۆڤێتی لێکهەڵوەشاوە، کوردستانی عێراقیش لە بەرواری 1992/5/19 بە ئەنجامدانی هەڵبژاردن و دروستکردنی دامودەزگای پەرلەمانی و حکومی دەبێتە هەرێمێکی دیفاکتۆ، بێگومان بە پشتیوانی هاوپەیمانان. دوای پرۆسەی ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام حوسێنیش لە ساڵی 2003 ئیدی باکووری عێراق دەبێتە هەرێمی کوردستانی عێراق.

لەم تەوەرەیەدا کە بۆ سێ لقی سەرەکی دابەشکراوە، شیکاری بۆ گرنگی پێگەی کوردستانی عێراق یاخود هەرێمی کوردستان لەسیاسەتی دەرەوەی ڕووسیادا ئەنجامدراوە:-

### 5.1 لقی یەکەم: پەیوەندیەکانی ڕووسیا و کوردستانی عێراق پاش ڕاپەڕینی بەهاری 1991:

ئەوەی جێگای سەرنجە، پاش لێکهەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤێت، کاریگەری سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بە ڕێژەیەکی زۆر کەم دەبێتەوە، هۆکارەکەش پەیوەندی بەو ڕاستیەوە هەیە کە دەوڵەتێکی زلهێزی جیهانی کە فاکتەرێکی بەهێز و کاریگەری سەدەی بیست بوو لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا،

ڕووبەڕووی داڕووخان بووەوە. لەبەرئەوە بۆ ڕووسیا هەروا ئاسان نەبوو بەخێرایی بکەوێتەوە سەرپێی خۆی بەتایبەت لە سیاسەتی دەرەوەیدا، هۆکارەکەشی بە بۆچونی زۆرێك لە چاودێران، دەیەی نەوەدەکان سەردەمی باڵادەستی و هەژموونی ئەمریکا بوو لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە، ڕووسیا ڕووبەڕووی چەندین قەیرانی ناوخۆیی بووەوە. قەیرانی خراپی پەیوەندی نێوان هێز و لایەن و کەسایەتیە سیاسیەکان، حکومەتێکی لاواز، ڕێژەیەکی بەرز لە کەسانی گەندەڵ و تێوەگلان لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و سەرچاوە سروشتیەکان و بەتاڵان بردنی پارەی بانکەکان لەلایەن ئەوانەی لە ڕووسیا بە ئۆلیگارخ "Олигарх" ناوبانگیان پەیداکردبوو، لەهەمووشی خراپتر، جەنگی دژی کۆماری چیچان لەلایەن مۆسکۆوە(32). لەبەرئەم هۆکارانەیە لەو سەردەمەدا ڕووسیا توانای نەبوو ببێتە یاریزانێکی کاریگەر لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا بەگشتی و لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بەتایبەتی. لەدەیەی نەوەدەکاندا، هەڵوێستی ڕووسیا بۆ عێراق زۆرتر خۆی بینیوەتەوە لە چاودێریکردنی کێشە ناوخۆییەکانی عێراق. بەڵام کاتێك بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراك دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەوپێیەی کە شادەماری ئابووری ڕووسیا بریتی بوو لە بەهای نرخی نەوت، ڕووسیا پشتیوانی لە هەناردەی نەوتی عێراقی نەدەکرد، چونکە کاریگەری دەبوو لەسەر دابەزاندنی نرخە جیهانیەکەی کە ئەمەش لەبەرژەوەندی بەدەستهێنانی زۆرترین داهات نەبوو بۆ مۆسکۆ(33). ساڵی 1998، عێراق دەیویست لەبەرامبەر پێدانی بەرژەوەندی گەورە بە ڕووسیا لەڕێگەی کۆمپانیا نەوتیە ڕووسیەکانەوە بەمەبەستی کەمکردنەوە یاخود لابردنی سزا سەپێنراوەکانی سەری، مۆسکۆ لەخۆی نزیکتر بکاتەوە. بۆ نمونە، هەردوو دەوڵەت چوونە ڕێکەوتنێکەوە لەبارەی کارکردنی کۆمپانیای تاتنەفت "Татнефть" لە هەڵکەندنی حەفتا بیرە نەوت لە بای حەسەن لە ناوچەی کەرکوك. لەوکاتانەدا عێراق و ڕژێمەکەی ئاواتەخوازبوون بەهۆی ئەنجامدانی ئەم ڕێکەوتنامە گەورانەوە لەگەڵ کۆمپانیا نەوتیە ڕووسیەکان پاڵپشتی و پشتیوانی زیاتر لەسەر ئاستی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان بەدەست بهێنێت. بۆ ئەم مەبەستە ساڵی 2001، جێگری سەرۆك کۆماری ئەوکاتی عێراق" تەها یاسین ڕەمەزان" لەمیانەی سەردانێکیدا بۆ مۆسکۆ داوا لەلایەنی رووسی دەکات ڕۆڵێکی کاریگەرتربگێڕێت لەسەر ئاستی سیستەمی جیهانی کە ئەمریکا هەژمونی کردوە بەسەریدا ئەویش بە ئاواتی هێنانەکایەی سیستەمێکی جیهانی فرە جەمسەری(34). لەبەرئەم هۆکارانەیە کەوا سەرکردایەتی سیاسی کوردستانیش تێگەیشتنێکی پۆزەتیڤانەیان نەبووە لەبارەی پێگەی کوردی باشوور لە سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا لەدەیەی نەوەدەکان تا کۆتایی پێهێنانی دەسەڵاتی ڕژێمی سەدام حوسێن لە ساڵی 2003. لەم بارەیەوە، هەریەك لە مەسعود بارزانی وجەلال تاڵەبانی لەچاوپێکەوتنیاندا لەگەڵ ڕۆژنامەنوسە ڕووسەکاندا بە ئاشکرا ئاماژەیانداوە بە لاوازی گرنگی پێدانی مۆسکۆ بە کێشەی کورد لە عێراق(35). توێژەر "نادێژدا سپیریدۆنۆڤاнадежда спиридонова" لە زاری شۆرش خالیدی نوێنەری پێشووتری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ڕووسیا باس لە بێ هەڵوێستی لایەنی ڕووسی دەکات لەمەڕ کێشەی کوردی عێراق. لەو دیدارەدا نوێنەرەکەی یەکێتی باسی لە خراپی هەڵوێستی یەکێتی سۆڤێت کردوە بەرامبەر بە کوردستانی عێراق، بەتایبەت لەوکاتەی سەدام حسێن چەکی کیمیایی دژی گەلی کورد بەکارهێناوە، یەکێتی سۆڤێتی پێشوو بێدەنگی هەڵبژاردووە. نوێنەرەکەی پێشووتری یەکێتی هیواخوازبووە ڕووسیا لەهەڵوێستەکانیدا پشتیوانی لە مافە ڕەواکانی گەلی کورد بکات(36).

پاڵپشت بەو زانیارییانەی باسکران، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە سەرەڕای ئەوەی کورد نوێنەرایەتی هەبووە لە مۆسکۆ، بەڵام دەیەی نەوەدەکان ڕووسیا زۆرتر بەلایەوە گرنگ بووە پەیوەندی لەگەڵ لایەنی عێراقیدا هەبێت و کەمتر خۆی خزاندوەتە ناو کێشە ناوخۆییەکانی نێوان گەلی کورد و ڕژێمی عێراقی. کۆتایی نەوەدەکان لەخراپترین و سەخترین قۆناغەکانی مێژووی گەلی کوردی باشوورە، بەوپێیەی ئەم گەلە کەوتبووە نێوان بەرداشی دوو گەمارۆی ئابووری قورسەوە، لەلایەك گەمارۆی ئابووری و سیاسی سەپێنراو بەسەر ڕژێمی عێراقی لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە، لەلایەکی دیکەوە، گەمارۆی ڕژێمی عێراقی بەسەر کوردستاندا. لە بارودۆخێکی لەم شێوەیەدا، لەسەر ئاستی حکومەت و لەسەر ئاستی ڕێکخراوە نا حکومیەکانیش، دەوڵەتی ڕووسیا ڕۆڵێکی کاریگەری نەبووە لە باشووری کوردستان.

### 5.2 لقی دووەم: ڕووسیا و هەرێمی کوردستان پاش ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی عێراقی ساڵی 2003:

سەردەمێکی نوێ لەمێژووی سیاسی عێراق دەست پێدەکات پاش ڕووخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعسی سەدامی کە وەك سەرۆك کۆمار بۆ ماوەی نزیکەی 24 ساڵ حوکمی عێراقی کرد. گەلی کورد بەدرێژایی ئەو ماوەیە ڕووبەڕووی چەوسانەوە، ئەنفالکردن و لەناوبردنی ئیتنیکی بۆتەوە لەلایەن ڕژێمەوە. دواجار، ڕژێمی عێراقی لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیەوە لەناوبرا و عێراق و هەرێمی کوردستانیش دەرگای دەرەوەیان بەڕوودا کرایەوە. یەکێك لەو وڵاتانەی کە ئێستا لە ناوچەکە بوونێکی کاریگەرتر و فراوانتری هەیە، ڕووسیایە کە لە پاش گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن ڤلادمیر پوتینەوە، ڕووسیایەکی نوێ و بەهێزتر خۆی نمایش دەکات. چاودێرێکی ڕووس بەناوی ئیڤانۆڤ" Иванов"دەڵێت: دوابەدوای ڕووخاندنی ڕژێمی عێراقی، کوردستانی عێراق بە بارودۆخێکی گەشەسەندووی خێرای ئابووریدا گوزەردەکات. ئەوەی ئەم پرۆسەیەی خێراتر کرد بریتی بووە لە هەڵوەشانەوەی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش تایبەت بە سەپاندنی گەمارۆی ئابووری بەسەر عێراق لەلایەك، هەروەها هەڵوەشانەوەی سەپاندنی گەمارۆی ڕژێمی بەعس دژی هەرێمی کوردستان لەلایەکی دیکەوە. پاش ئاسایی بوونەوەی دۆخی سیاسی و سەربازی و هەروەها ئاسایی بوونەوەی سیاسەتەکانی وڵاتانی دراوسێی عێراق بەرامبەر بەو ترسانەی کە هەیان بوو لە هەچ دەستکەوتێکی نەتەوەیی بۆ کوردەکانی باشوور، کوردستانی عێراق توانی گەشە بە پەیوەندیەکانی بدات لەگەڵ ئێران و تورکیا. ئەم هۆکارانە وای کرد هەرێمەکە گەشەی بەرچاو بەدەستبهێنێت(37). نوسەرێکی دیکەی ڕووس بەناوی یولیا ئەلیکسیێڤنا" Юлия Алексиеевна" سەبارەت بە پێگەی کورد بەلای ڕووسیاوە دەڵێت: هەندێکجار ڕەخنە لە هەڵوێستی دەرەکی ڕووسیا دەگیرێت لەمەڕ کێشەی کورد. دەڵێن گوایە ڕووسیا هەڵوێستی لاواز یاخود نەرێنیە سەبارەت بە گەلی کورد و ڕووسیا پشتیوانی مافەکانی کورد ناکات، یاخود کۆشکی کرێملین لەسیاسەتی دەرەوەیدا هەمیشە هەوڵیداوە دەستوەردان لەکاروباری ناوخۆیی وڵاتانی دیکەدا نەکات. لەڕاستیدا مۆسکۆ پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانی پێش هەرشتێك لەسەر ئاستێکی فەرمی لەگەڵ حکومەت و

دەوڵەتانی خاوەن سەروەری بونیاد دەنێت. بۆ نمونە، مۆسکۆ لە ڕابردوو و لە ئێستاشدا پەیوەندیەکانی دابڕاو نەبووە لەگەڵ حکومەتەکانی تورکیا، سووریا، ئێران و عێراق. مامەڵەی مۆسکۆ لەگەڵ حکومەتی ئەم وڵاتانە لەسەر ئاستێکی باڵا و فەرمی بووە. پەیوەندیەکانی مۆسکۆ لەگەڵ کوردەکانی ئەو چوار دەوڵەتە لەچوارچێوەی ڕێزگرتنی یەکدی دا بووە هەروەك چۆن مۆسکۆ ڕێزی نەتەوەکانی دیکەی لابووە کە لەچوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەدا دەژین. ڕووسیا بۆخۆی وڵاتێکی فرە نەتەوە، فرە زمان و فرە کلتوورە، لەپێکە و گرنگی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینیەکان تێگەیشتووە. وەکو ئەندامێکی هەمیشەیی لە ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان بڕوای تەواوی هەیە بە ماف و ئازادیەکانی گەلانی بێ بەش لە مافە نەتەوەییەکانیان(38). دەسەڵاتدارانی ڕووسیا لەم ساڵانەی دواییدا هەوڵیانداوە ئەوەی پەیوەندی هەبێت بە ڕابردووی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ ڕژێمی پێشووی عێراق لەناوبەرن و وەك بەشێك لە ڕابردوو سەیری بکەن. دەیانەوێت بوونی پەیوەندیەکانی ڕابردوویان لەگەڵ عێراقدا پەیوەست بکەن بە ڕووخانی یەکێتی سۆڤێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوەی پەیوەندی هەبێت بە کێشەی کوردەوە، هێشتا ئەم بابەتە لەسەر ئاستی هەرێمی پەیوەستە بەو وڵاتانەی کە خاکی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، واتا هێشتا کێشەی کورد نەگەیشتۆتە ئاستێك کە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبێت لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی ڕووسی(39).

پێویستە ئاماژە بەو ڕاستیە بدرێت کەوا سەردەمی دەسەڵاتداری پوتین تەواو جیاوازە لەسەردەمی سەرۆکەکەی پێشووتری، کە مەبەست لە"بۆریس یەڵتسنە"، لەبەرئەوەی بەهاتنی پۆتین بۆ دەسەڵات، مۆسکۆ ستراتیژو سیاسەتی دەرەوەی بۆ ناوچەکانی ژێرهەژموونی خۆی، بۆ ئاسیای ناوەڕاست، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چۆنێتی مامەڵەکردنی لەگەڵ وڵاتانی باشووری ڕۆژهەلاتی ئاسیا۔ لەگەڵ چین، دواجاریش لەگەڵ ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، سەرلەنوێ دادەڕێژێتەوە. دەتوانین ئاماژە بە پلانی چۆنێتی بەکارهێنانی هێزی زبر و هێزی نەرمی مۆسکۆ بکەین وەك پاڵپشتیەك بۆ ئەم ستراتیژ و پلانانە. کوردستانی عێراق دوای نەمانی ڕژێمی دیکتاۆری بەغداد دەرگای دەرەوەی بەڕوودا کرایەوە، بەوپێیەی عێراق وڵاتێکی دەوڵەمەندە بە نەوت، پاش گۆڕینی ڕژێم، ژمارەیەکی بێشوومار لە کۆمپانیای بیانی ڕوویان لە عێراق کرد بەمەبەستی کاری بازرگانی و وەبەرهێنان لە بوارەکانی نەوت، ئاوەدانکردنەوە، بازرگانی کردن. هەرێمی کوردستانیش لەم ڕووەوە بێ بەش نەبوو، بەڵکو بەهۆی فاکتەری سەقامگیری دۆخی سیاسی و ئارامی لە ناوچەکە بەراورد بە ناوچەکانی باشوور و ناوەراستی عێراق ژمارەیەکی زۆر لە کۆمپانیا بەدوای کاری بازرگانی و وەبەرهێنانەوە بوون لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان. بەڵام سەرەتا ئەو بوارەی کە لەپاش پرۆسەی جەنگی دژ بە عێراق کەمتر ڕووی لە هەرێم کرد، وەبەرهێنان بوو لە کەرتی نەوتیدا. لەم پێناوەدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری هەناردەکردنی نەوتی کوردستانی لەڕێگەی بۆرییەکی نەوتی تایبەت بە هەرێم پەسەند کرد. لەم بەرواره بەدواوە هەرێمی کوردستان زیاتر بووە جێگەی بایەخی کۆمپانیا نەوتیە جیهانیەکان. ژمارەیەکی زۆر لە کۆمپانیای ئەمریکی، ڕووسی، تورکی دەستیان کرد بە گەڕان بەدوای نەوتی هەرێمی کوردستان.لێرەدا پێویستە ئاماژە بەو ڕاستییە بدرێت کە لە مێژووی ڕاگەیاندنی ئابووری سەربەخۆوە تاکو ئێستاشی لەگەڵ بێت، هەناردەکردنی نەوتی هەرێم پێچەوانەی چاوەڕوانیەکانی هاوڵاتیان و زۆربەی هێزو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان کەوتوەتەوە. بەوپێیەی بابەتی فرۆشتن و هەناردەکردنی نەوتی هەرێم شەفاف نییە. تا ئێستا، حکومەتی هەرێمی کوردستان نایەوێت یاخود نەیتوانیوە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بەغداد بگاتە ڕێکەوتنێك لەبارەی چۆنێتی بەبازاڕکردنی کەرتی نەوت لە هەرێمی کوردستان. فایلی ئابووری سەربەخۆ پاڵپشت بە هەناردەکردنی نەوتی هەرێم بووەتەوە کێشەی سەرەکی لەنێوانی هەرێم و بەغداد کە تا ئێستاش بەچارەسەرنەکراوی ماوەتەوە". لەلایەکی دیکەوە، وەك باسمان لێوە کرد، ڤلادمیر پوتینی سەرۆکی ڕووسیا ستراتیژی بلاوەپێکردنی نەرمە هێزی ڕووسیای لەسەر ئاستی هەرێمی و جیهانی ڕاگەیاند(40). لەم نێوەندەدا بەکارهێنانی فاکتەری کلتووری، ئابووری، بازرگانی، بەمەبەستی پیشاندانی ڕووسیایەکی نوێی خستە بواری جێبەجێکردنەوە. لە ئێستادا، ڕووسیا سەرەڕای باڵیۆزخانە لە بەغدادی پایتەخت، دوو قونصولگەری لە شارەکانی بەسرە و هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان هەیە کە ئامانجی سەرەکیان لێکنزیکردنەوەی کلتووری، پەروەردەیی، بازرگانیە لەگەڵ هەرێمدا. لەبەرامبەریشدا، حکومەتی هەرێم نوێنەرایەتی لە مۆسکۆ هەبوو بەڵام لەئێستادا ئەم نوێنەرایەتیە کار ناکات و داخراوە.

بەبۆچوونی هەندێك لە چاودێرانی ڕووس، ئەگەر شەڕی دژ بە عێراقی ساڵی 2003 لەبەرژەوەندی ڕووسیا نەبوویێت، بەوپێیەی مۆسکۆ پەیوەندیەکانی دابڕاو نەبوو لەگەڵ لایەنی عێراقی، بەڵام پاش پرۆسەی ئازادی عێراق کۆمپانیا ڕووسیەکان بەمەبەستی وەبەرهێنان لە پیشەسازی نەوتی عێراقی بە نەوتی هەرێمی کوردستانیشەوە ڕوویان لە عێراق کرد، لەگەڵ حکومەتی هەرێم ڕێکەوتنامەیان ئیمزاکرد بەمەبەستی دەرهێنان و فرۆشتی نەوتی هەرێمی کوردستان. بەهۆی دابینکردنی بەرژوەندیەکانی ڕووسیاش لە کەرتی نەوتی عێراقیدا، پەیوەندیە هەمەلایەنەکانی نێوان عێراق و ڕووسیا لەلایەك و ڕووسیا و هەرێمی کوردستانیش لەلایەکی ترەوە گەشەسەندێکی زۆری بەخۆیەوە بینی. بۆ نمونە، گەورە کۆمپانیای نەوتی ڕووسی ڕووسنەفت"руснефть"، لەچەندین کێڵگەی نەوتی هەرێمی کوردستان وەبەرهێنان دەکات. خودی وەزیری ووزەی ڕووسیا ئاماژەیدا بەوەی کە ڕووسیا چاوی لەوەیە وەبەرهێنان لەکەرتی نەوتی عێراقیدا بکات، کۆمپانیای گازپرۆم لە چوار پرۆژە کاردەکات کە سیانیان کەوتونەتە هەرێمی کوردستانەوە(41). نوێنەری کۆمپانیای ڕووسنەفت ساڵی رابردوو ڕایگەیاند کۆمپانیاکەیان لەگەڵ کاربەدەستانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێکەوتووە لەسەر کارکردن لە بیرەنەوتەکانی زاویتە، باتیل، دارەتوو، هەریر- بێجیل و قەسرۆك. کۆمپانیاکە ڕێژەی 80٪ پشکی پێنج بیرە نەوتی کڕیوەتەوە بە بڕی 400 ملیۆن دۆلار کە بەنزیکەی 670 ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەمیان دەبێت. شایەنی ئاماژەپێدانە، حکومەتی عێراقی تەواوی ڕێکەوتننامە نەوتیەکانی حکومەتی هەرێم بەنایاسایی لەقەڵەم دەدات، لەم بارەیەوە وەزیری نەوتی عێراقی ڕێکەوتنی نەوتی هەرێم و کۆمپانیای ڕووسنەفتی ڕووسی بە نایاسایی و پێشێلی سەروەری عێراقی لەقەڵەمدا(42).بەڵام لەوەڵامی ڕەخنەکانی بەغداد، وتەبێژی کۆمپانیای ڕووسنەفت دەڵێت مامەڵە نەوتیەکانی کۆمپانیاکەیان لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا تەواو یاسایی و دەستووریە، ڕووسنەفت هیچ هەڵەیەکی نەکردوە کە پێشێلی یاسا کارپێکراوەکان بێت لە هەرێمی کوردستان(43).

### 5.3 لقی سێیەم: ڕووسیا و پرۆسەی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی لەهەرێمی

**كوردستان:**

ساڵی2017، پارتی دیموكراتی كوردستان هاوشان لەگەڵ زۆرینەی پارتە ڕامیارییەكانی هەرێمی كوردستان بەئامانجی بەدەستهێنانی مافی ڕەوای سەربەخۆیی بۆ گەلی كورد، پرۆسەی ڕیفراندۆمی بەڕابەرایەتی مەسعود بارزانی ئەنجامدا. دیارە كاردانەوەكانی وڵاتان لەسەرەتاوە تا كۆتایی پرۆسەكە ئاشكرابوو. وڵاتانی دراوسێی هەرێم و عێراق دژی پرسێكی لەم شێوەیە بوون، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی كورد هیچ پشتیوانیەكی فەرمی بەدەست نەهێنا، ولایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا بە ئاشكرا پشتیوانی لەكارێكی لەم شێوەیە نەكرد، جگە لەوەش لەسەر ئاستی ڕێكخراوە نێودەوڵەتیەكانیش كورد هیچ پشتیوانیەكی بەدەست نەهێنا. لە ڕاستیدا كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەگشتی هەڵوێستێكی ڕوونی هەبوو لەسەر ئەم پرسە كە ئەویش بریتی بوو لە پشتیوانی نەكردنی پرۆسەكە، بەڵام بارزانی سووربوونی خۆی لەسەر ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەكە دەربڕی كە ئەمەش یەكێكە لە پرسە گرنگەكان، بۆچی بارزانی سەرەڕای درك كردنی ئەوەی هیچ پشتیوانییەكی دەرەكی نییە، تەنانەت لەسەر ئاستی ناوخۆیش، دابەشبوونێكی گەورە هەبوو لەنێوانی هاوڵاتیانی كوردستان، بەڵام ئەو پاشگەزنەبووەوە لە بڕیارەكەی. دیارە هەر لەوكاتانەدا، هەڵوێستی ناوخۆیی و دەرەكی بۆ كورد یەكلایی بووبووەوە. حكومەتی عێراق بەهەموو شێوەیەك دژایەتی خۆی بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم دەربڕی، سەرۆك وەزیرانی ئەوكات"حەیدەرعەبادی" ڕایگەیاند: ڕیفراندۆمی كوردەكانی هەرێم مەترسی لەسەر یەكپارچەیی خاكی عێراق و سەروەرییەكەی دروست دەكات، ئەگەر سەركردە كوردەكان پەشیمان نەبنەوە لەو بڕیارەیان، ئەوا ئەگەری سزادانی هەرێم و تەنانەت ڕووبەڕووبونەوەش بەدوور نازانرێت(44). لەسەروبەندی ڕیفراندۆمدا، لەمیانەی كۆنفراسێكی ڕۆژنامەوانیدا، وەزیری دەرەوەی ڕووسیا "سێرگێی لاڤرۆڤСергий Лавров" لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەوكاتی عێراق ئیبراهیم جەعفەری ڕایگەیاند وڵاتەكەی دەست ناخاتە ناوكاروبارە ناوخۆییەكانی عێراق، بەڵكو ئەو بابەتەی بۆ دەسەلاتدارانی هەولێر و بەغداد جێهێشتووە. لاڤرۆڤ گووتی: ئێمە پابەندین كە ڕێز لە یەكپارچەیی هەرێمی و سەروەری خاكی عێراق بگرین. مۆسكۆ هیواخوازە لەكاتی دروستبوونی كێشە ناوخۆییەكاندا، عێراقیەكان ڕێگەی دیالۆگ بگرنەبەر، لێبووردەبن، ڕێكەوتن و لێكتێگەیشتن لەنێوانیان هەبێت لەپێناو دۆزینەوەی چارەسەرییەك كە جێگەی ڕەزامەندی هەموو لایەنەكان بێت(45). هەروەها ئەو كاربەدەستە پلە باڵایەی ڕووسیا لەمیانەی دیدارێكدا ئاماژەی‌دا بەوەی كە كوردەكانی عێراق و ڕووسیا پەیوەندیەكی مێژوویی و بەهێزیان پێكەوە هەیە كە بۆ چەند دەیەیەك بەرلە ئێستا دەگەڕێتەوە. مۆسكۆ پێی وایە بەهێزی پەیوەندیەكانی وڵاتەكەی لەگەڵ كوردستانی عێراق لەسەر حسابی بەرژەوەندی هیچ لایەنێكی دیكە نییە، بەتایبەت لایەنی حكومەتی ناوەندی لە بەغداد. ئەو هەروەها باسی لەوە كرد كە لە كوردستانی عێراق دوو گەورە كۆمپانیای نەوتی ڕووسی لەكاردان، ڕووسنەفت و گازپرۆم، كاركردنی ئەم دوو كومپانیا نەوتیە ڕووسیە ڕۆڵێكی زۆرباشی دەبێت بۆ بەهێزكردنی پەیوەندیە ئابووری و بازرگانیەكانی نێوان هەولێر و مۆسكۆ. لاڤرۆڤ ئاماژەی بەوەدا كە وڵاتەكەی بەپێچەوانەی زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاواوە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم وەك پرۆسەیەكی نایاسایی و نادەستووری نا بیبنێت(46). لەلایەكی دیكەوە، چوار ڕۆژ دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، سەرۆكی ڕووسیا "ڤلادمیر پوتین" لەمیانی سەردانێكیدا بۆ ئەنقەرە لەگەڵ هاوتا توركیەكەی، دەربارەی دوو پرس گفتوگۆیان كرد، ئەوانیش بابەتی قەیرانی شەڕ لە سووریا لەگەڵ ئەنجامدانی پرۆسەی ڕیفراندۆم لە كوردستانی عێراق. پوتین دەربارەی ڕیفراندۆم ئاماژەی بەوەدا كە پێشتر وەزیری دەرەوەی وڵاتەكەی قسەی لەبارەوە كردوە، وەك سەرۆكی ڕووسیا هیچ زیادەیەكی نییە لەوبارەیەوە(47). ئەو لێدوانەی پوتین ئەو خوێدنەوەیە هەڵدەگرێت كە سەرۆكی ڕووسیا خواستی نەبووە نێوەندگیری بكات. ئەوەی ئاشكرایە، ڕووسیا لەمەڕ پرسی ریفراندۆم هەڵوێستێكی تاڕادەیەك جیاوازی هەبوو بەراورد بە زلهێزە هەرێمی و نێودەوڵەتیەكان. بۆ نمونە، ئەمریكا كە بە ئاشكرا و بەبێ دوودڵی دژایەتی خۆی بەرامبەر بە پرسەكە دەربڕی، تەنانەت وەزیری دەرەوەی ئەوكات "ڕێكس تیلەرسۆن"، نامەیەكی ئاراستەی مەسعود بارزانی كرد، تیایدا ئەوەی ڕوونكردبوەوە كە ئەمریكا پشتیوانی لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم ناكات لە كوردستانی عێراق(48). لەكاتێكدا وەڵامی وەزیری دەرەوەی ڕووسیا نە دژایەتی بوو، نە پشتیوانی بوو، بەلكو زیاتر بێلایەنی پێوەدیار بوو. ئەو پرسەی بۆ سەركردە عێراقیەكان بە كورد و عەرەبەوە جێهێشتبوو. بەدیوێكی دیكە، ڕووسیا نەیدەویست دیدێكی نەرێنی لەسەری دروست بێت لەلایەن تاكی كوردی و هەروەها دەسەڵاتدارانی هەرێمەوە، بەڵام لەپێناو ڕاكێشانی سۆزی گەلی كورد لەلایەك، پارێزگاری كردن لەبەرژەوەندییە ئابووریەكانی لەگەڵ هەرێمی كوردستان و هەروەها نیشاندانی سیاسەتێكی جیاواز لەوەی ئەمریكا پەیڕەوی دەكرد سەبارەت بە پرسی ڕیفراندۆم، نەدژایەتی پرۆسەكەی كرد، نە پشتیوانیەكی ئاشكرای لێكرد، بەڵام وەك پرۆسەیەكی نایاسایی و نادەستووریش لێی نەڕوانی. لەكۆتاییدا، دەكرێت ئاماژە بدەین بە گرنگی پێگەی هەرێمی كوردستان لە سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیادا:

1. لەڕووی سیاسیەوە، گەشەكردنی پەیوەندیە سیاسیەكانی نێوان هەرێمی كوردستان و ڕووسیا واتای پەلكێشانی زیاترو بەهێزتری مۆسكۆ دەگەیەنێت لە ڕۆژهەلاتی ناوەراست بە گشتی و عێراق بەتایبەتی. ڕووسیا لەچوارچێوەی پلانی ستراتیژی خۆیدا دەیەوێت پێگەی نێودەوڵەتی خۆی بەهێزتر پیشان بدات. ئاشكرایە كە لەئێستادا سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكا ڕووبەرووی جۆرێك لە پاشەكشە بووە لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، لە دیدی مۆسكۆوە ئەم دۆخە دەرفەتێكی گونجاوە تاكو بتوانێت وەك یاریزانێكی جیهانی كاریگەر دەربكەوێت و لە قاوغە هەرێمیەكەی بێتە دەرەوە. عێراق و هەرێمی كوردستان ئەو شوێنەیە كە مۆسكۆ بەئاسانی ئەسپی خۆی تیادا تاوبدات و لەڕێگەیەوە بتوانێت ئاستەنگ بۆ ستراتیژیەتی ئەمریكی دروست بكات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا.

2. وەبەرهێنان لە كەرتی ووزەی هەرێمی كوردستاندا، بەرژەوەندیە ئابووریەكان هەمیشە پاڵنەری سەرەكین بۆ بەهێزتركردنی بەرژەوەندیە سیاسیەكانی نێوان لایەنەكان. وەك ئاماژەی پێدرا، دوو گەورە كۆمپانیای نەوتی ڕووسی لە هەرێمی كوردستان كاری وەبەرهێنان لە كەرتی ووزەی هەرێمدا دەكەن، لەبەرئەوە جێگای سەرسوڕمان نابێت گەر هەرێمی كوردستان پێگەیەكی گرنگی هەبێت بەنسبەت ڕووسیای فیدراڵەوە. سەردەمانێك عێراق بۆ ڕووسیا گرنگی هەبوو، بەڵام، ئەمڕۆ هەرێمی كوردستان لەچوارچێوەی عێراقدا تایبەمەتمەندی خۆی هەیە، كردنەوەی كونسوڵخانەی ڕووسیا لە شاری هەولێر بەشێكی سەرەكی چاودێری كردنی بەرژەوەندیە ئابووری و سیاسیەكانی مۆسكۆ لەخۆدەگرێت. ساڵی 2018، لەمیانەی بانگهێشتێكی فەرمی حكومەتی ڕووسیدا، سەرۆك وەزیرانی ئەوكات" نچیرڤان بارزانی" سەردانی مۆسكۆی كرد و بەشداری لە حەفتاوسێهەمین

ساڵیادی سەرکەوتنی سوپای ڕووسەکان بەسەر سوپای نازیەکانی ئەلمانیا کرد، پاشان لە کۆشکی کرێملین چاوی بە سەرۆکی ڕووسیا کەوت و هەردوولا جەختیان لە بەهێزترکردنی پەیوەندیە سیاسی، ئابووری و دیپلۆماسیەکان کردەوە. بارزانی پشتیوانی خۆی بۆ کاری هەردوو کۆمپانیا ڕووسیەکان بە سەرۆکی ڕووسیا ڕاگەیاند(49).

3. لەڕووی ئاسایش و شەڕی دژی تیرۆرەوە، هەرێمی کوردستان و ڕووسیا لەبەرەی شەڕی دژی تیرۆرن. لە ڕابردوودا ڕێکخراوی قاعیدە و ئەمڕۆش ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش دوو دوژمنی مۆسکۆ و هەولێرن. بۆ مۆسکۆ گرنگە هەرێمی کوردستان بەهێزبێت بەرامبەر بە هەڕەشەی گروپە تیرۆریستیەکان. شکستپێهێنانی مەترسی تیرۆر و لەناوبردنی زۆرێك لە تیرۆریستەکانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی داعش، دواجار لەبەرژەوەندی مۆسکۆیە، چونکە زۆرێك لە چەکدارە تیرۆریستەکانی ناو داعش خەڵکی باشووری ڕووسیا و ناوچەی قەوقاز و بەتایبەت چیچانی بوون. ساڵی 2017، ڤلادمیر پوتینی سەرۆکی ڕووسیا ڕایگەیاند کەوا نزیکەی 4000 چەکداری ڕووسی کە خەڵکی ناوچەکانی چیچان و داغستانی ڕووسیان لەسووریا شەڕیان کردوە شانبەشانی گروپە تیرۆریستیەکان(50). سەرکەوتنی هەرێمی کوردستان لە مەترسی شەڕی داعش وپارێزگاری کردن لە قەوارە کوردیەکە واتای بەردەوامیدانە بە پەیوەندیە ئابووری و سیاسیەکانی نێوان مۆسکۆ و هەولێر.

## 6. دەرئەنجام:

مێژووی سیاسی هەرێمی کوردستان وەك کیانێکی دەستووری و دانپیادانراو لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە لە پاش ڕوخاندنی ڕژێمی بەعسی سەدامی دەست پێ دەکات. لەو ڕێکەوتە بەدواوە، پێگەی هەرێم لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی وورده وورده بەهێزتر و کاریگەرتر دەبێت بەوپێەی تاکە شوێنە لەسەر ئاستی عێراق لەدۆخێکی پارێزراوی ئارام و ئاسایشدا بێت. ڕووسیا لەڕابردوودا، لەسەردەمی یەکێتی سۆڤێتدا گرنگیەکی زۆری بە باشووری کوردستان نەداوە، بەوپێیەی بەرژەوەندیەکانی زۆرتر لەگەڵ ڕژێمە حکومڕانەکانی عێراق و بەتایبەت لەگەڵ ڕژێمەکەی سەدام حوسێنی سەرۆکی پێشووی عێراق یەکی دەگرتەوە. بەڵام پاش 2003، مۆسکۆ ناچاربوو وێنەیەکی دیکە پیشانی گەلانی ناوچەکە بدات، هەرێمی کوردستان ئەو شوێنە بوو کە کەوتە چوارچێوەی بەرژەوەندیە ئابووری و سیاسییەکانی مۆسکۆوە. کردنەوەی کونسوڵگەری لە هەولێر و هاتنی دوو گەورە کۆمپانیای نەوتی ئەو وڵاتە بۆ کاری وەبەرهێنان، نیشانەی گرنگی پێگەی هەرێمی کوردستانە لە ستراتیژ و سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیادا. لەم ڕووەوە هەمیشە مۆسکۆ بە هەستیارییەوە مامەڵەی لەگەڵ هەرێمدا کردوە، لەیەك کاتدا ویستوویەتی تاکی کورد و دەسەڵاتی کوردی لەخۆی ڕازی بکات. بۆ ئەم مەبەستەشی هێزی نەرمی خۆی بەکارهێناوە، لەڕووی ئابووری، بازرگانی، کلتووری و هەروەها پەروەردە و خوێندنەوە. سەبارەت بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیادا، لە پرسێکی وەك ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە هەرێمی کوردستان، لەنێوانی پشتیوانی و نەیاری، مۆسکۆ توانی زیرەکانە هەڵسوکەوت بکات چونکە وەك ئاماژەمان پێکرد پێشترخوێندنەوەیەکیووردی بۆ فاکتەرە سیاسی، ئابووری و دیمۆگرافیەکان کردبوو لەناوچەکەدا. وادیارە کۆشکی کرێملین لەوە دڵنیابوو بێت کە ئەنجامی ڕیفراندۆم کاریگەری نابێت لەسەر گۆڕینی نەخشەی سیاسی لەناوچەکەدا، بەڵام لەهەمان کاتدا دەیویست هەڵوێستە فەرمیەکانی لەگەڵ واشنتۆن جیاواز دەربکەوێت.لەگەل ئەوەشدا هەرێمی کوردستان بۆ ڕووسیا پێگەیەکی تایبەتی هەیە لەناوچەکەدا، چونکە پاڵپشت بە فاکتەری نەوت، کۆمپانیا حکومیە ڕووسیەکان توانیویانە بێنە ناو بازاڕەکانی هەرێمەوە، لەم دەرگایەشەوە دەتوانێت وێنەیەکی گەورەتر پیشانی نەیارەکانی بدات بەوەی کە مۆسکۆ یاریزانێکی کاریگەرە لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا.

Abstract :

Although, the Iraqi Kurdistan had a de facto structure before 1991, but after defeating the Baathist Regime in 2003, Kurdistan Region of Iraq became a legal and constitutional fact. In terms of security, despite the internal problems, it is still the only secured place throughout Iraq in which the life is going on normally. After 2003, the region opened in front of the outside world. Within the Iraqi state, its foreign relations broadened. The economic and security factors plus selling oil and gas independently far from the influences of Baghdad enhanced the foreign relations of the Iraqi Kurdistan with many countries. One of those countries is Russian Federation. The author noticed that at the academic level, there is a gap due to having not many research concerning the relations between the Kurdistan Region and Russia. This paper pays attention to the nature of the relations between both mentioned actors. The paper also assesses the important of the political and economic factors of the Kurdistan region in the Russian foreign policy. Through collecting data and information from many reliable sources, the study, tries to use historic and content analyzing methods to prove its hypothesis. The author concluded that the economic and political factors have significant role in supporting the status of .the region in the Russian foreign policy

## 7. سەرچاوەکان

بەزمانی عەرەبی :

لوید جونسن، تفسیر السیاسة الخارجیة،ت/ د. محمد بن احمد مفتي و د. محمد سید سلیم،جامعة ملك السعود، ریاض، 1989.

بەزمانی ئینگلیزی :

Aldo Ferrari, (2016), Putin’s Russia: Really Back?, ISPI. Available at:

Robert O. Keohane &, Joseph S. Nye, (2011), Power and Interdependence, PEARSON, P. (4 -14.(

Robert Jackson& George Sorensen, (2012), Introduction of International Relations, Theories and Approaches, Oxford University Press. P (254.(

Skye Gould & Paul Szoldra, (2017), The 25 most powerful militaries in the world, available at: https://www.businessinsider.com/the-worlds-most-powerful-militaries-2017-3

World Economic Forum, (2017), The world's 10 biggest economies in 2017, available at: https://www.weforum.org/agenda/2017/03/worlds-biggest-economies-in-2017/

سەرچاوەی رووسی:

Российская конституция, (1993), Статья (Смолин О.Н. (2019), Проблема демократии в посткоммунистической России: некоторые вопросы теории, доступен на: https://www.democracy.ru/curious/democracy/postcomm_problems.html

Исмета Конака, Курды СССР в 1920 – 30-ые гг.: процессы адаптации и интеграции в советскую систему, МОСКОВСКИЙ ГОСУДАРСТВЕННЫЙ УНИВЕРСИТЕТ имени М.В.Ломоносова, ИСТОРИЧЕСКИЙ ФАКУЛЬТЕТ.

Елизавета Андреевна, (2018), ПРОБЛЕМА НЕЗАВИСИМОСТИ КУРДИСТАНА: ОТНОШЕНИЕ РОССИИ И США, САНКТ-ПЕТЕРБУРГСКИЙ ГОСУДАРСТВЕННЫЙ УНИВЕРСИТЕТ.

К. В. Вертяев, О. И.Жигалина,С. М. Иванов, (2013), ПОЛИТИЧЕСКИЕ ПРОЦЕССЫ В КУРДСКИХ АРЕАЛАХ СТРАН ЗАПАДНОЙ АЗИИ (ИРАКЕ, ТУРЦИИ, СИРИИ, ИРАНЕ), Доступен на :

a. https://book.ivran.ru/f/vertyaev2013.pdf

Н.ф.Бугай, (). И.В.Сталин и Курды в Союзе СССР: От Эмиграции до Репатрияции. 1940-1950 е Гдоды. Доступен на: https://cyberleninka.ru/article/v/i-v-stalin-i-kurdy-v-soyuze-ssr-ot-emigratsii-do-repatriatsii-1940-1950-e-gody

Максим Лебский,(2016), ближневосточная политика СССР: Курдистан или арабский социализм?, доступен на: http://navoine.info/ussr-kurd-arabsocia

Игорь Деланое (2015), Курды: вектор российского влияния на ближном востоке?, центр россия в сотрудничесво с программой ТУРЦИЯ

Михаил Шевчук,(2016), как курды дружили с Советским союзом,доступенна: https://www.dp.ru/a/2016/03/18/Kak_kurdi_druzhili_s_Sovet

Внешняя политика Иракской республики в документах Прогрессивного национально патриотического фронта. // Востоковедение. Ташкент, 1985.116 с .

Ало Саеед Кхудейда, (2010), Советско-иракские отношения и позиции СССР по курдской проблеме в 1958-1991 гг.

https://www.ispionline.it/it/EBook/Russia2016/PUTIN%27S.RUSSIA_EBOOK.pdf

Bojang AS, (2018), the Study of Foreign Policy in International Relations, Journal of Political Sciences & Public Affairs, P (2-9). 4DOI: 10.4172/2332-0761.1000337

Christopher Hill, (2003), the changing politics of the foreign policy, Palgrave Macmillan, P (11.(

Charles F. Hermann,(), Foreign Policy, Ohio State University, P.(269), available at: http://www.voxprof.com/cfh/hermann-pubs/Hermann-Foreign%20Policy.pdf

Eli Lake, (2017), Tillerson Letters Show U.S. Nearly Averted Kurdish Referendum, available at: https://www.bloomberg.com/opinion/articles/2019-08-02/trump-rally-and-trump-eulogies-are-bad-news-for-his-2020-campaign

Derek Beach, (2019), Introduction: Analyzing Foreign Policy, available at: https://www.researchgate.net/publication/311754577_Introduction_Analyzing_Foreign_Policy

Dmitri V. Trenin,(2003), The Forgotten War: Chechnya and Russia's Future, available at: https://carnegieendowment.org/files/Policybrief28.pdf

Henry E. Hale, (2010), Eurasian polities as hybrid regimes: The case of Putin's Russia, available at: https://www.sciencedirect.com/science/article/pii/S1879366509000025

George Modelski, (1962), A Theory of Foreign Policy, London: Pall Mall Press.

Giulio M. Gallarotti, (2015), Smart Power: Definitions, Importance, and Effectiveness, Journal of Strategic Studies, available at: https://www.tandfonline.com/doi/abs/10.1080/01402390.2014.1002912

Glenn Palmer & T. Clifton Morgan, (2006) a theory of Foreign Policy, Princeton University Press.

Joseph Frankel, (1968), the Making of Foreign Policy, London Oxford University Press.

John J. Mearsheimer, (2009), Reckless States and Realism, SAGE. Available at: http://ire.sagepub.com/cgi/content/abstract/23/2/241

Joshua S. Goldstein & John C. Pevehouse (2013-2014), international relations, PEARSON, 10th edition.

Joakim Eidenfolk, (2006), Towards a new model of Foreign Policy Change, University of Wollongong, School of History and Politics.

Neli Hauer, (2018), Chechen and North Caucasian Militant in Syria, available at: https://www.atlanticcouncil.org/blogs/syriasource/chechen-and-north-caucasian-militants-in-syria/

Ryan K. Beasley …. Michael T. Snarr, (2013), Foreign Policy in Comparative Politics: Domestic and International Influences on State Behavior. SAGE

RFE/RL, (2017), Iraqi PM Demands Annulment Of Kurdish Independence Vote, Available at: https://www.rferl.org/a/iraq-kurdistan-pm-abadi-demands-referendum-annulled/28760445.html

Дмитрии Тренин, (2016), россия на ближнем востоке, задачи, приоритеты, политисеские стимулы. доступен на:https://carnegie.ru/2016/04/21/ru-pub-63388

Рия новости,(2017), Новак рассказал о работе российских компаний в Ираке, доступен на:https://ria.ru/20171017/1507007263.html

Наталья Демченко, (2018), Курдистан заявил о визите премьера в Москву по приглашению Сечина:Подробнее на РБК:https://www.rbc.ru/politics/08/05/2018/5af1d6fa9a794794a828d3fc

Виталий Петлевой,(2018), роснефть может начать добычу в Курдистане в авусте, доступен на:https://www.vedomosti.ru/business/articles/2018/07/24/776389-rosneft-mozhet

Артур грумов,(2017), Причины и последствия референдума о независимости Иракского Курдистана,доступен на: https://tass.ru/mezhdunarodnaya-panorama/4584321

Риятаза,(2017), Сергей Лавров: референдум — это выражение устремлений курдских людей, доступен на: https://riataza.com/2017/07/24/sergey-lavrov-referendum-eto-vyirazhenie-ustremleniy-kurdskih-lyudey/

Данела Гальперович, Путин и Эрдоган обсудили в Анкаре ситуацию в Сирии и курдский референдум, доступен на: https://www.golos-ameriki.ru/a/putin-erdogan/4048774.html

Сабхи Сала Йи (2018), Две встречи в Кремле, Доступен на: https://inosmi.ru/politic/20180511/242192699.html

Максим лебский,(2016), ближневосточная политика СССР, Курдисатн или Арабский Социализм?, доступен на: http://navoine.info/ussr-kurd-arabsocia.html

Юрий Юреьевич,(2018),Проблема курдской государственности в международных отношениях конца XX - начала XXI в., уральский государственный пидагогический университет .

Н.З. Мозаки,(2001), Курдистан и Курдский Ворос в Политике Запада и России(90-е годы 20 века- начала 21 векаЮ, учрождение российской академии наук институт востоковедение ран, институт ближнего вотока.

Спиридонова. Н, (2001), ираксие курды устали от войны, они стремятся к созданию федерации с багдадом .

Спиридонова Н (1996), Курды надеются на Россию, представитель ПСК Шорш Халид о возможностях урегулированию конфликта 1996.

С.М.Иванов,(2011), иракский курдистан на совроменном этапе(1991-2011), учреждение российской академий наук институт мировой экономики и международнодных отноцений Ран.

Юлия Алексеевна, (2017), Курдский вопрос в современной системе международных отношений, Выпускная квалификационная работа.

Руслан Мамедов, (2015), время для (крдской политике) москвы в ираке, доступен на: https://russiancouncil.ru/analytics-and-comments/analytics/vremya-dlya-kurdskoy-politiki-moskvy-v-irake/